# لەوەند دالینی "کەزییەکانی تەم" بڵاودەکاتەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بەرهەمێکی نوێی نووسەر و هەڵبەستڤانی کورد لەوەند دالینی بەناوی "کەزییەکانی تەم" بڵاوکرایەوە.

بەرهەمەکەی لەوەند (سێف داود) کە دیوانێکی شیعرییە لە 109 لاپەڕە پێکدێ و لەلایەن چاپخانەی سەرسەرا لە بەرلین چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دیوانەکە شیعری نوێ و کلاسیکی تێدایە کە 16 هەڵبەستی ئازاد و 15شیان بە کێش و سەروان.

نووسەری کوردی عەرەبینووس ئیبراهیم یوسف پێشەکی بۆ دیوانەکە نووسیوە و دەڵێت: "لەوەند دالینی بە تەنیا شاعیر نییە، بەڵکو نووسەر و شێوەکار و چیرۆکنووسیشە. بەڵام پتر لە بواری شیعردا سەرکەوتوو بووە. هەڵبەستەکانی ریالیستین، مرۆڤ ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردی لە شیعرەکانی ئەودا دەبینێتەوە. ژن و وڵات دوو مژاری سەرەکی دەقەکانی ئەون".

لەوەند دالینی ساڵی 1966 لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 2012 یەکەم کتێبی خۆی کە کۆمەڵە چیرۆکێک بوو بەناوی (ڕامانێک) بڵاوکردەوە. کتێبەکە 13 کورتە چیرۆکی لەخۆگرتبوو. لەوەند ئێستا لە شاری ئێسنی ئەڵمانیا دەژی.

# کتێبێك لەبارەی "ژنە نووسەرەکانی کورد" چاپ دەکرێ




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبێک لەبارەی ژنانی نووسەر بەناوی "ژنە نووسەرەکانی کورد" چاپ دەکرێ کە ناوەڕۆکەکەی باسی کار و چالاکییەکانی 20 ژنە نووسەری کورد دەکات.

زامدار ئەحمەد، نووسەری کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم کتێبە تایبەتە بە ژنە نووسەر و وەرگێڕەکانی کورد کە بیست خانمی نووسەری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆگرتووە. ژنە نووسەرەکان بریتین لە کوردستان موکریانی، شوکریە ڕەسوڵ، سۆزان جەمال، مەهاباد حەسەن، بەیان سەلمان، شیرین.ک، ڤینۆس فایەق، کنێر عەبدوڵڵا، گەلاوێژخان، شیرین تاهیر، زەینەب یوسفی، کازیوە ساڵح، باران، چنار نامیق، چنوور نامیق، شلێر ڕەشید، نازەنین عوسمان، فەوزیە ساڵح، زارا ستاوەند و شیلان گەیلانی".

زامدار باس لە ئامانجی نووسینی ئەو کتێبە دەکات و دەڵێت: "بەداخەوە تا ئێستا سەبارەت بە ژنانی نووسەری کورد کتێب و نووسین کەمە، ئەگەر کەسێک بیەوێ دەربارەی ژنانی نووسەر و وەرگێڕی کورد زانیاری وەچنگ بکەوێ، هیچی بەردەست نییە، لەکاتێکدا زانیاری زۆر باش لەبارەی ژنە نووسەرەکانی زۆربەی وڵاتانی دیکە بەردەستە، بۆ وێنە: ژنانی ئەمریکی، ئەوروپی، فارسی، تورکی و عەرەبی".

گوتیشی: "ئەم کتێبە خانمە نووسەر و وەرگێڕە زیندووەکانی لەخۆگرتووە، بەمشێوەیەش ویستوومانە مۆدێل و ڕەوتی (زیندووکوژی مردووپەرست) بگۆڕین. ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی لە سەرووی دە کتێبیان بڵاوکردووەتەوە، لەچوارچێوەی کتێبەکەدا هەن".

زامدار دەشڵێت ئەم کتێبە دەبێتە بەرگی یەکەم، لە داهاتوودا کار لەسەر بەرگی دووەمی کتێبەکە دەکرێ کە چەندین خانمی دیکە لە بەرگی دووەم دادەنرێن. ئەم کتێبە لە دووتوێی 350 لاپەڕە لە چاپخانەی چوارچرا لە سلێمانی چاپکراوە.

# دیدارێکی ئەدەبی لە باتمان ساز دەکرێ




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە شاری باتمانی باکووری کوردستان، دووەمین "دیداری ئەدەبیی کوردی" بەڕێوەدەچێ و چوار ڕۆژ دەخایەنێ.

دیدارەکە لەلایەن شارەوانیی باتمانەوە ڕێکخراوە و لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئەحمەد گونەشتەکین بەڕێوەدەچێ. دیدارەکە

لە ڕۆژی 25ی ئەم مانگە دەست بەکارەکانی دەکات و چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێ.

لەو دیدارەدا چەند پانێلێک لەبارەی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب بەڕێوەدەچن، جگە لەمەش چەند بەڵگەفیلمێک نمایش دەکرێن. هەر لە دیدارەکەدا چەند کۆڕێکی شیعری بەڕێوەدەچن، هەروەها چەند گروپێکی میوزیک بەشداری دەکەن. بوار بە گەنجان دەدرێ قسە لەسەر بەرهەمەکانیان بکەن. جگە لەوەش موحسین ئۆزدەمیر سەمینارێک سەبارەت بە "ئەدەبیاتی کوردی و وەرگێڕان" پێشکەش دەکات.

لە ڕۆژی دووەمی دیدارەکەدا دۆکیۆمێنتارییەک لەبارەی هەڵبەستڤانی کورد (جگەرخوین) نیشان دەدرێ. ڕۆژی سێیەمی دیدارەکە تایبەت دەبێ بە ئەدەبی کلاسیکی کوردی. دوایین ڕۆژی دیدارەکەش تەرخان دەکرێ بۆ گفتوگۆ لەسەر ڕۆمانی کوردی. لەم بۆنەیەدا دوو نووسەری باشووری کوردستان بەشدارن، ئەوانیش موئەیەد تەیب و سەبری سلیڤانەیی.

# حەوت ڕەنگە پێنج کتێبی شێوەکاری بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ناوەندی حەوت ڕەنگە لە شاری سلێمانی، پڕۆژەیەکی تایبەت بە چاپکردنی کتێبی لە بواری هونەری شێوەکاریدا هەیە و وەک قۆناغی یەکەم پێنج کتێب چاپ و بڵاودەکاتەوە.

بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری ناوەندی حەوت ڕەنگە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە درێژەی هەوڵەکانی 7 ڕەنگە بۆ بەدەستهێنانی چاپکراوی شێوەکاری تاوەکو دەرگایەکی دیکەی پڕ لە زانیاری بێت بۆ هونەرمەندان و خوێندکارانی هونەری شێوەکاری لە باشووری کوردستان، بڕیارە لە پاڵ چاپکراوەکانیدا پێنج کتێب لەم بوارە بڵاوبکاتەوە".

یەکێک لە کتێبەکان بەناوی (ئەکریلیک شێواز و تەکنیک)ە کە ستار کەریم لە فارسییەوە بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاوە و بەم دواییە چاپ و بڵاوکرایەوە و بە خۆڕایی بە خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگە هونەرییەکان دراوە.

کتێبی (هونەری پۆستەر) و (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە تابلۆ و هونەری جیهانی) دوو چاپکراوی دیکەن کە سەرچاوەی گرنگ و ئەکادیمیی بواری شێوەکارین و لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی و لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری چاپکراون، بڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێنەوە.

دوو کتێبی دیکەش بەناوەکانی (ڕەنگی زەیتی) و (ڕەنگسازی) کە لەلایەن ستار کەریمەوە کاری وەرگێڕانیان بۆ کراوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاودەکرێنەوە. ئەو دوو کتێبە بە سپۆنسەری دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە و لەسەر ئەرکی د.تەها ڕەسوڵ لە سەرەتای شوباتی 2020دا چاپ دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە.



# نوێگەری و ئەرکەکانی

بەکر عەلی



**بەشی سێیەم و کۆتایی**

کاتێک بەهای کۆن چیتر دەرەقەتی هێزەکانی ژیان نایەت، ئیتر لەرێی بەهای نوێوە شەڕی لەگەڵدا دەکرێت. کۆن وەلا دەچێت و نوێ دێت. ئەوەی تەوقی کولتوورێکی نەگۆڕ دەشکێنێ ئەو هێزەیە کە لە دەرەوە دێت و فشاری دەخاتە سەر. هێزی نوێ، نامۆ، ترسناک.

رەنگە دیارترین فاکتەری سەرهەڵنەدانی نوێگەری لە دنیای ئێمەدا بریتی بێت لەوەی، لە فەرهەنگی ئێمەدا هیچکات پرسیار سەبارەت بە بەهای کۆن و بەهای نوێ نەکراوە. هیچکات بوونی ئارا، دۆخی ئارا و ریالیتێت نەبووەتە پێوەری قەیرانەکان. هیچکات ململانێی ئەو دووە لێکدژانە رەورەوەی مێژووی نەسووڕاندووە. هەڵەی هۆشیاریی رۆژهەڵاتییەکان لەوێدا مت بووە کە واقیعی خۆیان وەکو جیهانێکی هۆمۆجێن و یەکانگیر دەبینن نەک وەک جیهانێکی هیترۆجێن و نایەکانگیر. فەرهەنگێکیش ڕەهەندی هیترۆجینی هەڵنەگرتبێت هیچکات ناتوانێت بەهای تری جیاواز و شتی تری نوێ دابهێنێ. نوێ بریتییە لە دەرخستنی شاراوە، واتە ئاشکراکردنی ئەوەی ناوەوە و هێنانە سەرەوەی ئەوەی خوارەوە، نوێ واتە گۆڕینی هیرارشیەتی بەهاکان. ئەگەر کولتوورێک نوێ بەرهەم نەهێنێ، واتە هەموو شتەکان لەو کولتوورەدا دیار و ئاشکران، هەقیقەت توخمێکی ئاشکرا و دیارە و هیچ لۆچ و بنەوە و ناوەوەیەکی نییە. کولتوورێک جیاوازی بەرهەم نەهێنێ، واتە کولتوورێکە هیچ هیرارشی تێدا نییە کە سەرەوە و ژێرەوە لەخۆی بگرێت. گەر ئەم جەمسەرانە، ناوەوە/ دەرەوە، سەرەوە/ خوارەوە، ئاشکرا/ شاراوە هیرارشیی فەرهەنگێک پێکنەهێنن، هیچکات ململانێ و رەخنە و هەڵسەنگاندنی بەهاکان روونادات و تازەگەری بەخۆیەوە نابینێ. نوێگەری داهێنان نییە لە هیچی نادیارەوە، بەڵکو گۆڕانکارییە بەسەر شتە دیارەکانەوە، بەسەر بەها باوەکانەوە. داستانی نوێگەری هەروا هاتووە، نیتچە و فرۆید و هایدێگەر خۆیان لەگەڵ "ئامادە" دا دەرگیر کرد، ئنجا توانییان "نائامادە" بهێننەوە یادمان. رۆژاوا بەردەوام و بە مۆدێل و رێچکەی جۆراوجۆر "ئامادە" و "دیار"ی خۆی دەنرخێنێتەوە و تازەگەری تێدا دەکات. کەچی رۆژهەڵات رەخنە لە بەهای زاڵ ناگرێت. نوێگەری لە رۆژهەڵات پتر هەوڵدان بووە بۆ نوێکردنەوەی بەها باوەکان و پەل پێهاویشتنی، نەک هەوڵی لەبەهاخستنی واقیعەکەی بێت. نوێگەری سەرەوژێرکردنەوەی هیرارشیبوونی بەهاکانە، لەکاتێکدا نوێکاری رتووشکردنی روخساری بەهاکانە و درێژەپێدانی بەهای باو و دۆخی ئارایە.

نەبوونی ململانێی دووانە لێکدژەکان لە کولتووری رۆژهەڵاتیدا وای لێکردووە بەردەوام خۆی لەگەڵ واقیعی ئارادا، لەگەڵ تاکە ڕاستییە دیارەکەدا دەرگیر بکات. ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی لەناو هەمان بازنەی کولتووریدا بسووڕێتەوە بەبێ ئەوەی بازنەیەکی تر بکێشێ. لەکاتێکدا کولتووری خۆراوا بەو دیشۆتۆمییە/ دووانایەتییە دەژی و خۆی تێدە پەڕێنێ کە لە سەردەمی گریکەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە. ئەوەی بۆ چەندین سەدە لەناو ئەم بازنەیەدا رۆژاوای دەسووڕاندەوە پلاتۆنیزم و مەسیحایەتی بوو. بازنەیەک بە سەرهەڵدانی شۆپنهاوەر و نیتچە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ تەقێنرایەوە و بووە چەندین بازنەی سەربەخۆ. خەسڵەتی سەرەکی بیری ڕۆژئاوا بریتییە لە دووانایەتی جەوهەرەکان. واتە ڕۆژاوا "ڕاستی و بوون" دەخاتە نێو ململانێی ئەو دووانەلێکدژانەوە. هەموو نوێگەری ڕۆژاواش لە بەهەڵە تەماشاکردن و لە ڕەخنەلێگرتنی ئەوەی هەیە و زاڵە دەستپێکردووە. لەکاتێکدا بیری ڕۆژهەڵاتی ئەم پرۆسێسە ناژی. بوون لە ڕۆژهەڵات شتێکی هەڵە و لەیادکراو نییە، بەڵکو هەر ئەو تاکە راستییە ڕەهایە هەیە و بەس. رۆژهەڵات بەوە دەژی کە ئێستایەکی یەکانگیری هەمیشەگی دەژی، کەچی رۆژئاوا بەو جەمسەرە نەریتییە لە نێگەتیڤیتێتی بوون تێدەگات و لە ساتەوەختێکی مێژووییدا دابڕانی بوونگەری و زانینگەری و جینگەری تێدا بەرپا دەکات، لەکاتێکدا فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی چ ئازارێکی نێگەتیڤی نییە لە ژیاندا و بەردەوام درێژە بەو ریشەیە دەدات کە بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ. مەرجیش نییە وەرچەرخانی زەمەن ببێتە مایەی گۆڕینی هیرارشیبوونی بەهاکان، بەڵکو رەنگە لەو قۆناغەدا هیرارشیی بەهاکان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنیا ماسکی تر بکات بە ڕوویەوە. بۆ نموونە، هەم لە دوای راپەڕین و هەم لە دوای رووخانی رژێمی بەعسیشەوە، ئەگەرچی زەمەنێکی تەواو جیاوازن لەوەی پێش خۆیان، کەچی هیرارشیبوونی بەهاکان بێ دەستکاریکردن مایەوە. سترەکتوری بەها کۆمەڵایەتی و مۆراڵی و ئاینییەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵیان بەسەردا نەهات، بگرە توندڕەوتر بوون. راستە ئێمە زەمەنێکی تر دەژین جیاواز لە تۆتالیتێری بەعس، کەچی لەڕووی بەهاوە ئێمە نەچووینەتە نێو ڕۆژگارێکی نوێوە. هەمان ئەم سیناریۆیە لە وڵاتانی وەک سوریا و میسر و لیبیا و یەمەن و ئێران و ئەفغانستاندا یاریی ڕادیکاڵانەی خۆی دەکات. لێرەوەیە نادادی ناکەین گەر بڵێین، هیچکام لە راپەڕینە رۆژهەڵاتییەکان لە هیچ وێستگەیەکدا نوێگەر نەبوون. بۆیە کولتوورێک بەهای نوێ نەئەفرێنێ، هیچکات ناشێت پێی بگوترێ نوێگەر. ئەم جۆرە فەرهەنگانە دەشێت پێیان بگوترێ کولتووری نەگۆڕ، یان کولتووری داخراو کە ناکەونە ژێر کاریگەری بەهاکانی ترەوە. کولتوور خۆی چییە جگە لە سیستەمی کارتێکردن. لێرەوەیە نوێ کاتێک دەبێتە نوێ کە لەنێو کۆبەندییەکی فەرهەنگیدا خۆی ببینێتەوە، نەک تەنیا بۆ تاکە کەسێک نوێ بێت. نوێ دەبێت بچێتە نێو ئەرشیف و یادەوەریی فەرهەنگییەوە. ئەگەرچی سەرەتا تاکەکەس پێشوازی لە نوێ دەکات، بەڵام دواتر دەبێتە میوانی کۆمەڵگە. ئەرشیفیش ماتەریاڵێک نییە لەنێو کتێبخانە و مۆزەخانەکاندا هەڵگیرابێت، بەڵکو وەک دێریدا دەڵێت، بریتییە لە دەقێکی بێکۆتا کە تێیدا جیاوازیی نێوان کۆن و نوێ دەسڕدرێتەوە.

سەدەی نۆزدە دەستپێکی وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ڕۆژئاوا، تا ئەو ساتەوەختەی مەسیحیەت پێیوابوو مرۆڤ خودانی ئیرادەی خۆی نییە و ئەوەی لە ژیاندایە بریتییە لە دوا دۆخ و لەسەرووی ئەوەوە ئاستێکی تر بوونی نییە، شۆپنهاوەر هات و بە چەمکی "ئیرادە" هەموو هزری جیهانبینی مەسیحی هەڵتەکاند و جیهانی کردە دیاردەیەکی ئیرادەویی ڕووت کە بەردەوام ژیان تیایدا زۆرتر و زۆرتر دەبێت. بەپێی دەستنیشانکردنی شۆپنهاوەر و نیتچە، هەموو پەرەسەندنێکی شارستانی لە ڕامکردنی ئەو هەستە نێگەتیڤە و، لە پەروەردەکردنی ئەو ئازار و پاسیۆنە گەورەیەوە ڕوویداوە.

دۆخی ڕۆحی جیهانی ئێمە لەمڕۆدا دەشێت بەو قۆناغەی ڕۆژاوا بەراورد بکرێت کە تێیدا ئاین بریتییە لە تاکە میدیۆمێک هەقیقەت و یەقینمان پێدەدات. لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و لوبناندا هێشتا چاوەڕوانی لەدایکبوونی شۆڕشێکی مۆراڵی دەکرێت بۆ لەناوبردنی ئەو بەها کۆنانە و بونیاتنانی مۆراڵێکی تری نوێ.

کۆمەڵگەی ئێمە نە خەسڵەتی سۆسیالیزمی تێدایە و نە خەسڵەتی ئیندیڤیدوالیزم. بەڵکو پتر سترەکتورێکی خێڵەکی هەیە و دەستپێکی هەر مۆدێرنەبوونێکمان تەنیا بە شکاندنی ئەو سترەکتورە دەتەقێتەوە. لێرەوەیە ئاین لەو کۆمەڵگایانەدا بووەتە ئامرازێک بۆ درێژەپێدانی مۆراڵی خێڵەکی.

خێڵ لە سەردەمی ئەمڕۆماندا فۆرمی نوێی وەرگرتووە، بەڵام بەهەمان ئامێرگەلی کۆن ئیش دەکات. خێڵ لەناو دەسەڵاتی ئاپۆڕە و پۆپۆلیزمدا دەبینرێت، خێڵ لەناو دەستەبژێری ڕۆشنبیراندا دەبینرێت، لەناو سۆسیالمیدیادا دەبینرێت. تا ئەم سترەکتورە پتەوتر ڕۆچێت، لەبەرزاییەکاندا هیچ تروسکاییەک بۆ تاکەکەس نابریسکێتەوە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەموو فیکری نیتچە بریتی بوو لە بەگژداچوونەوەی ئەو دیموکراسییە جەماوەرییەی مرۆڤی مێگەلی و کۆیلە و بێ ئیرادەی دروست کردبوو. قڵپکردنەوەی بەهاکان لای نیتچە لەسەر هەموو ئاستە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییەکاندا روویداوە.

لە هەرێمەکەی خۆشماندا لە دوای ڕاپەڕینەوە تادێت بەرەو بە دروستبوونی مۆراڵی ئاپۆڕەیی و بە پۆپۆلیزم و بە دیموکراسیی خێڵەکی دەدرێت و ئینتیما بۆ کەس و بۆ خێڵ و بۆ ئایدیۆلۆژیا گەورەتر و لەپێشترە لە دەروەستی بۆ نەتەوە و بۆ ئایدیا و بۆ ئیندیڤیدوالیزم. لەوەتەی قەیرانی ئابووریش بەرۆکی دۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستانی گرتووە، لە زۆر شوێنەوە ئەو دەنگە نیهیلیستە، ئەو هاوارە نائومێدبووە زەلیلە دێتە گوێمان کەوا مادام نیشتمان هیچی بە من نەبەخشیوە، با ببێت بە دۆزەخ.

نەمانی ئایدیاڵی ئۆبیەکتیڤی و زاڵبوونی ئیگۆیزم لەناو کۆی کایەکانی ژیاندا، دەستپێکی هەموو دارڕزانێکی مۆراڵییە و سەرهەڵدانی ئیگۆیەکی سامناکە. لەکوێدا ئیگۆیزم سەری هەڵدا لەوێدا بەربادی سۆسیال دادەڕزێنێ. مۆراڵ بریتی نییە لە گەورەکردنی خۆت و بردنی شتەکان بۆ خۆت، بەڵکو بریتییە لە تێپەڕاندنی خودی گچکەی خۆت و خۆگەیاندنە بە ئەویتر. بەلای کانتەوە هەموو بەهایەک لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک ئاستە نزمەکەی خۆمان تێدە پەڕێنین. نیتچەش ئەمەی کتومت لە ئیمانۆئیل کانتەوە وەرگرتووە.

مرۆڤی ئیگۆیزم دەپرسێت: ئایا جیهان چی بە من دەبەخشێت؟ مرۆڤی مۆراڵیی نیتچەیی دەپرسێت: ئایا من چی بە جیهان دەبەخشم؟ مرۆڤی بەخشەر لای نیتچە بریتییە لە جۆرێکی نوێی مرۆڤ کە نیتچە لەژێر دوو چەمکدا دایناوە "مرۆڤی جوان" و "بەرزەمرۆڤ".

زەردەشتی نیتچە دەڵێت: ئێمە نابێت داوای خۆشی بۆ خۆمان بکەین، لە شوێنێکدا کە هیچ خۆشییەکمان نەبەخشیبێت.

ئەگەر نوێگەری بریتی بێت لە لەناوبردنی بەهای کۆن و داهێنانی بەهای نوێ، واتە بریتی بێت لە هەڕەشە و لە مەترسییەک بۆ بەهای کۆن، بریتی بێت لە نیگەرانییەکی نوێ و ئەزموونەکراو، ئەوا هەموو نوێیەک جۆرێکە لە هەڕەشە بۆ سەر واقیعی بەها باوەکان. نوێ واتە بیرکردنەوە لە مەترسیدا (نیتچە)، واتە گواستنەوەی ئاگر بە زەرفی کاغەز (سلۆتەردایک). شتێک کە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی بۆ نوێگەری پێویستێتی ئەو بیرکردنەوە سامناکەیە کە سەرچڵی بە هەموو بەها باوەکانی خۆی و سەرکێشی بە هەموو گەنجینە زەخیرەخراوەکەی کەلەپووری خۆیەوە بکات. لەبری ئیگۆیزم، ئازادیی ئیندیڤیدوالیزم دابهێنێ و لەبری دیموکراسیی مێگەلی، دیموکراسیی کۆگەلی دابهێنێ و لەبری تاکبوون، پێکەوەبوون دابهێنێ. پرۆسێسێکی وەهاش بەتێگەیشتن لە سوود و زیانەکانی بەها کۆنەکان و نوێیەکان بۆ ژیانمان دێتە دی.

# مۆز هەر مۆز نییە

وەلید عومەر



"ماوریزۆ کاتلان" هونەرمەندی ئیتالی، بەهۆی لکاندنی مۆزێک بە دیوارێکەوە لە پێشانگایەکدا لە میامی، ژێستێکی «هونەری»ی نواند. ئەم مۆزە نرخی 120 هەزار دۆلاری لەسەر دانراوە و سەرەنجامیش لەلایەن هونەرمەندێکی ترەوە دەخورێت و بەپێی وتەی خۆی «هونەرمەندێکی برسی» بووە. لەم نووسینەدا هەردوو کردەکە پێکەوە دەخوێنینەوە و هەوڵدەدەین بەکورتی چواردەوری بابەتەکە هەڵکۆڵین. هەم لەو رووەوە کە ئاخۆ کارەکە چەندە هونەرییە و لەو رووەشەوە کە چەندە لە دەرەوەی هونەر مانایان هەیە؟

ئەمە یەکەمجار نییە کاری سەیروسەمەرە بەناوی هونەرەوە نمایش دەکرێت. لە تەوالێتەکەی دوشان-ەوە تا سەگی هەڵدڕاو و پیسایی وشکەوەبوو و نینۆکی نمایشکراو و تەرمی قاشکراو و هتد. کارەکە چەندە هونەرییە کەڵکەڵەی یەکەمی ئێمە نییە. ئەوەی بۆ ئێمە بایەخدارە، ئەوەیە کە چ شتانێک لەم جۆرە رووداوانەوە ئاڵاون و ئەو شتانە چین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کارەکەوە نییە. سەرەتا وەسوەسە دەبین بڵێین: شتێک لێرەدا نییە بەناوی مۆز. وای دابنێ ئەوە ئۆبێکتێکی تەواو پاتاڵە، هیچییە، چاڵێکی رەشە. بەڵام ئەوەی بە دەوری ئەم چاڵە ڕەشە و ئەم ئۆبێکتەدا درووستدەبێت چییە؟

وەک ئەوەی شارەزایانی سینەما باسیدەکەن، لە فیلمەکانی هیچکۆکدا ئۆبێکتێکی نادیار هەیە کە رووداوەکانی بەدەوردا درووستدەبێت. ئەو ئۆبێکتە و ئەو بابەتە دیار نییە، خۆی ونە، بەڵام کاریگەرییەکی سەنترالی لەسەر فیلمەکە هەیە. واتە زۆرجار هیچییەک و بۆشاییەک، بزوێنەری کۆمەڵێک رووداون. دەکرێت ئەو بۆشاییە هیچ نەبێت و دەشکرێت لە فۆرمی ئۆبێکتێکی ئاسایی وەک مۆزدا خۆی دەرخات. بۆیە هەردووکی هەر یەکن، چونکە ڕۆڵەکەیان شتێکی ترە جیا لە نرخەکەی خۆیان. واتە پاڵنەرن بۆ شتی تر، نەک ئەوەی تەرکیز بخەینە سەر ئەوەی خۆیان چ ماهیەتێکیان هەیە و چەندەش بەهایان هەیە. لەم ڕووداوە هونەرییەدا، پێموایە مۆزەکە ڕۆڵێکی لەم جۆرەی هەیە: خۆی شتێکی ئەوتۆ نییە، هیچ نییە، ئەوەی هەیە بزوێنەری کۆمەڵێک مانای ترە لە دونیا و دۆخی ئەمڕۆدا. ئەمەش هەقی بەوەوە نییە کە دیسان چ شتێکی گرنگ دەورووژێنێ، گەر شتانێکی گرنگیش لە دونیای ئەمڕۆماندا بورووژێنێت هێشتا مۆزەکە ناکاتە کارێکی هونەریی بەرز یان نزم. نرخی مۆزەکە لە جێیەکی ترە.

کاتێک دەڵێین مۆزەکە مۆز نییە، رێک هەر بەم مانایەیە. مۆزەکە دەیەوێت شتێکی تر بنوێنێتەوە. بەڵام نواندنەوەیەک لەڕێگەی خۆیەوە نا، بەڵکو لەڕێگەی ئەو چیرۆکانەوە کە درووستی دەکات. لەڕێگەی ئەو باسوخواسانەوە کە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت. بۆ ئەمەش سیاقێکی «هونەری» بۆ خۆی درووست دەکات و هەڵایەکی ئیعلامیش دەسازێنێ و تەنانەت ئیمکان بۆ هونەرمەندێکی تریش دەکاتەوە مۆزەکە بخوات تاکو پتر ئەو شتە بنوێنێتەوە کە دەمانەوێت باسی بکەین. شتەکان لە سیاقدا نرخ و مانای خۆیان وەردەگرن، سیاق ئەو تۆڕەیە کە نرخ لەسەر شتێک دادەنێت. هەموو دەزانین مۆزێک لە عەلوە و مۆزێک لە پێشانگایەک و مۆزێکیش لە فیلمێکی پۆڕنۆدا سێ نرخی جیاوازیان هەیە. ئەم مۆزەی ئێستا، تەنیا مۆزی نێو پێشانگایەک نییە، بەڵکو مۆزێکە لەڕێگەیەکی دوورەوە پیشاندەدرێت. ئامادەیی و پیشاندان لەڕێگەی دوورەوە (تەلەپرێنس)، مۆزەکە لە مۆزێکی ئاسایی جیادەکاتەوە. فۆکۆ نامیلکەیەکی لەسەر پایپەکەی ماگرێت نووسیوە بەناوی «ئەمە پایپێک نییە». مۆزەکەش بە کۆمەڵێک جیاوازییەوە لە ئەرگۆمێنتدا، مۆزێک نییە. نزیک لەم مەبەستەی ئێمەشەوە، خاوەنی کارەکە دەڵێت: مۆز ئایدیایەکە". یان بەڕێوەبەری گەلەرییەکە دەڵێت: مۆزەکە پاش خواردنیشی لەناونەچووە، مۆزەکە ئایدیایەکە.

هەروەها ئیمانوێل پیرۆتین-ی هونەرمەندی فەڕەنسی دەربارەی کارەکە دەڵێت: «کارەکەی ماوریزۆ دەربارەی ئۆبێکتەکان نییە، بەڵکو دەربارەی چۆنیەتی جووڵەی ئۆبێکتەکانە لە جیهاندا».

کەواتە پرسیارە فیکرییەکە ئەوەیە مۆزەکە چییە و هێمای چییە؟

ئێمە لە دەروونشیکاریی ژاک لاکانەوە فێری ئەوە دەبین کە هەر زەقییەک، نوقسانییەکە. هەر ئۆبێکتێک، ئەگەری هەیە بۆ ماوەیەکی کاتی جێی نوقسانییەکی بونیادیی پڕکردبێتەوە. تێزەکەش دەچێتەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە بوون خۆی نوقسانە. ئەوەی کە دەگوترێت مۆزەکە خۆی ئایدیایەکە، بەشێوەیەکی دیالەکتیکی و پێچدار وەردەگەڕێت بۆ دژەکەی کە دەتوانین لەم رستەیەدا دایڕێژینەوە: ئایدیای مۆزەکە خۆی غیابی ئایدیا لە سەردەمی ئێمەدا دەردەخات. ئەویش بەو مانایەی کە ئایدیایەکی گەردوونی و تۆکمەمان نەماوە بڕوای پێ بێنین و وزە و مانای لێوە هەڵگۆزین. ئەم غیاب و نوقسانییەش، سەری کێشاوە بۆ هەموو پنتەکان و هونەر خۆیشی گرتووەتەوە. مۆزەکە گەر خۆیشی هونەرێکی ئەوتۆ نەبێت، ئەوا شکستی هونەرە لە ساتێکی دیاریکراودا. مۆزەکە نیشانەی نوقسانییەکی بنەڕەتیترە. نوقسانییەک کە پێدەچێت تەنیا بە ئۆبێکتێکی ئاسایی گوزارشتی لێ بکرێت. ئەم ئۆبێکتە ئاساییە گەر جارێک و دووانی تریش بخورێت، ئەوا گرفتێک درووست ناکات و زیاتر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە لە غیابی ئایدیایەکی مانابەخشدا خەریکین گاڵتە بە خۆمان و جیهانەکەمان دەکەین. دانانی پارەیەکی زۆریش لەسەر ئەم ئۆبێکتە ئاساییە، جێگرتنەوەی ئایدیا بە پارە دەردەخات. تەنیا پارە؟ نەخێر.

لە دونیایەکی وادا، سێکسیش بە مانا فراوان و شاراوەکەی لە مۆزەکە (یان ئایدیای مۆزەکە) دا نوستووە. ڕەنگە ئەمە وەک خاڵێکی سەیر و تەنانەت ترۆهاتیش دەرکەوێت، بەڵام خاڵێکی قابیلی بەجدی وەرگتنێتی. مۆز، هێمایەکی ناخودئاگایانەی سێکسیانەیە. هێمایەک کە ڕیشەی لە نەستدا داکوتیوە و ڕەنگە هەروا بڕوای پێ نەهێنین. پێکەنین و بەنوکتەکردنیشی، بەشێکە لەم کاردانەوە شاراوەیە. فرۆید ژمارەیەکی زۆر ئۆبێکتی دیاریکردبوو تاکو وەک بەدیلی کۆئەندامی نێر و مێ بیانناسێنێ و لێکدانەوەی خەونەکانیشیان پێوە ببەستێتەوە. سەرەتا شتەکە ئاسان و سادە دێتە بەرچاو، بەڵام فرۆید دەروونی مرۆڤی بنکۆڵ کردبوو تا تێبگات ئۆبێکتەکان چۆنچۆنی جێی یەکتر دەگرنەوە. دیارە مەبەستمان لەوە نییە فرۆید سێکسزەدە دەرخەین، بەڵکو تارادەیەک بەپێچەوانەوە کە چۆن سێکس بەسەر ئۆبێکتەکاندا دابەش دەبێت و سێکس بە مانا باوەکەی کاڵ دەبێتەوە. ساڵی 1991 لە بەریتانیا چەند جارێک هێرشکرایە سەر ئەو فرۆشگایانەی جلی فەروودار و لووس و پووسیان دەفرۆشت. بیانووی پەلاماردەران ئەوە بوو کە لەشفرۆشانی سەر بە نایتس برێج شتی وا لەبەردەکەن. بەڵام دەروونشیکاری بەریتانی، ئانتۆنی ئیستۆپ، لە کتێبەکەیدا بەناوی "نەست" باسی ئەوە دەکات کە فەروو تەنیا پەیوەندی بەو لەشفرۆشانەوە نەبووە، بەڵکو ڕیشەیەکی شاراوەتری هەبووە و بەپێی دەروونشیکاریی فرۆید هێمای "تووکەبەری ژن"ـە. ئەوەی بەشێوەیەکی ناخودئاگایانە و نەستەکی ئازاری ئەو خەڵکەی داوە، ئەوە بووە کە بەهۆی جلی فەرووەوە وا هەستکراوە ئادابی گشتی پێشێل کراوە. لە دۆخێکی وەک ئەوەی ناو مۆزەخانەی مۆزەکە، ناتوانین بیر لە خاڵێکی لەم جۆرە نەکەینەوە کە شتەکە هێمایەکی سێکسواڵیشی لەخۆیدا هەڵگرتبێت. هێمای ناو نەستی ئێمەی بینەر و خەڵکانی ئەم سەردەمە، نەک تەنیا هونەرمەندەکە. بۆیە پارە و سێکس دەتوانن جێی ئایدیا باڵاکە بگرنەوە کە سەردەمەکە ونی کردووە. مۆزەکە ڕواڵەتی ئەو شتەیە کە لەوێدا بوونی نییە. ڕواڵەتێکە کە پارەی لەسەر دادەنرێت و پێکەنینیش درووست دەکات- هەتا گەر تووڕەبوونیش بخولقێنێ پتر گریمانەکە دەسەلمێ.

ئاندی وارهۆڵ، دەیگوت: بۆیە بەم جۆرە وێنە دەکێشم، تاکو وەک ماشێنێک دەرکەوم. هەموومان دەزانین ماشێن واتە کەمکردنەوەی خەلاقیەت و دەستی مرۆڤ لەناو کاری هونەریدا. هونەری ئینستاڵەیشن و پێرفۆرمانس و کۆنسێپتواڵ و تەنانەت ڤیدیۆ ئارت و هتد، بەشدارن لە بەماتۆڕکردنی هونەردا (بەپێی زاراوەکانی پۆل ڤیریلیۆ). کاتێک تەکنۆلۆژیا و ماشێنەکان لە هەموولاوە تەنگمان پێ هەڵدەچنن، ئیدی ڕەنگە لە سوچێکدا نوقسانیی ئایدیا گەورەکان بەهۆی ئۆبێکتێکی ئاساییەوە بخەینەڕوو. سەردەمانێکە شمەکی ئەم کارەکتەر و ئەو کارەکتەر بە پارەی زۆر فرۆشراوە و خراوەتە موزایەدەوە. ئەو شمەک و ئۆبێکتانە سەر بە کەسێک بوون، یەک کەسیان بیردەخستەوە: بەڵام مۆزێک نە سەر بە یەک کەسە و نە یەک کەسیش بیردەخاتەوە. مۆزەکە، غیابی ئایدیایەکی سیاسی و مرۆیی گەورە دەردەخات کە هی کەس نییە و هی هەمووشمانە.

## ئاوات ئەحمەد سوڵتان، نووسەر و وەرگێڕ:

# خوێندنەوە دەمانگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی ئەقڵانی و دەمانکات بە مرۆڤ

**یەکێک لە پرسە جدی و کاریگەرەکانی دونیای ڕۆشنبیری، مەسەلەی سیحر و جادووی کتێبە کە لە ڕێگایەوە مرۆڤ بەر چەندین سەدە لە زانست و زانیاری و مێژووی داهێنانەکانی مرۆڤ دەکەوێت. بێگومان لەپاڵ پرسی کتێبیشدا پرسی دەستنیشانکردنی فیگۆری خوێنەر یەکێکی دیکەیە لە باسە پێویستەکان، لەم دیدارەدا و لە ڕێگای وروژاندنی ئەم پرسیارانەوە نووسەر و وەرگێڕ (ئاوات ئەحمەد سوڵتان) دەدوێنین.**

**سازدانی: شاخەوان سدیق**



شاخەوان سدیق: زۆر باس لە سیحر و ئەفسوونی کتێب دەکرێت، دەتوانی پێمان بڵێیت کتێب چییە؟

ئاوات ئەحمەد: من کتێب وەها نابینم کە بریتی بێت لە ژمارەیەک لاپەڕەی نووسراوی زنجیرەیی و بەرگێک و ناونیشانێک یان زیاتر؛ واتە ئەوەی لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان یان سەر مێزی خوێندنەوە دانراوە و دەتوانین دەستی لێ بدەین و جێگۆڕکێی پێ بکەین. بەلای منەوە ئەوە جگە لە دەروازەیەک، یان پەنجەرەیەک بۆ گەیشتن بە کتێب، هیچی تر نییە! ئەو شتەی پێی دەگوترێ کتێب لە ئەنجامی خوێندنەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی پەیدا دەبێت و دێتەدی، ئەویش هیچ نییە جگە لە جۆرە پەیوەندییەک و لەناویدا هەم کاریگەریمان دەبێت و هەم دەشکەوینە ژێر کاریگەرییەوە.

مەبەستم ئەوەیە کتێب لەناو پرۆسەی خوێندنەوەدا هەیە، نەک پێش یان پاش خوێندنەوە. واتە بوونی کتێب جۆرە حاڵەتێکی سیحری یان هیولاییە و تەنیا لە کاتی مومارەسەیەکی تایبەتیدا دەردەکەوێت یان درکی پێ دەکرێت. بەشە ماتریاڵەکەی کتێب، دەفرێکە، قوتوویەکە، هەر شتێکی دیکەیە کە کتێبەکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، یان پاراستووە؛ بەواتای ئەوەی زانین و زانیارییەکان، ئەو ئامانجەی لەپێناویدا کتێبەکە هەیە، لەناو ئەو قەبارە ماتریاڵییەدا دانراوە.

مەسەلەکە ئەوەندەش سەیر و نامۆ نییە، ئەم دیدە بۆ گەلێک شتی دیکەش دەبێت، بەتایبەتی ئەو شتانەی لەناو چوارچێوەیەکدا هەڵدەگیرێن: کە دەگوترێت مرەبا، ئایا مەبەستت لە شووشەکەیە، یاخود ئەوەی لەناویدایە. ئەوەی گرفتە لێرەدا، توانای جیاکردنەوەی مرەباکەیە لە شووشەکە، بەڵام کتێب و پەیکەرە ئێسکییەکەی ئاوا بە ئاسانی جیا ناکرێنەوە. کتێب شتێکە لە جێگایەکی پەنهاندا حەشاردراوە. وەک چۆن مرەباکە هیچ بەهایەکی نییە هەتا تام نەکرێت و بۆ خواردن بەکارنەهێنرێت، بەهەمانشێوە ناتوانین لە بەهای کتێب تێبگەین لە پرۆسەی خوێندنەوەدا نەبێت. ڕەنگە ئەوەی گرفت بێت ئەوە بێت کە دۆزینەوەی کتێب پێویستی بە سەرفکردنی وزەیەک و بوونی کۆمەڵێک میکانیزم و شارەزایی پێشوەخت هەبێت بۆ ئەنجامدانی، ئەم کارە تەنها بەو کەسە دەکرێت کە پێی دەگوترێت خوێنەر.

بۆ نموونە مەحوی کۆمەڵێک لاپەڕە و بەیازی هەبوو، شیعرەکانی خۆی لەسەر تۆمار کردبوون و لەجێگایەکی پارێزراودا هەڵیگرتبوون؛ ئەو چی کردبوو؟ کتێبێکی لەناو ئەو لاپەڕانەدا حەشار دابوو. چەند جارێک فەقێ و مەلاکانی دەوری لەنێوان خۆیاندا ئەو بەیازانەیان خوێندووەتەوە، خوێندنەوەکانی ئەوان کتێبەکە بووە، کتێبێک لەناو گریمانەدا، چونکە دەروازەیەک شک نابەین بمانباتەوە سەریان، ئەوان مومارەسەی خوێندنەوەیان کردووە و بۆ ماوەیەکی کورت کتێبە جیاجیاکانی خۆیانیان بەرهەمهێناوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەوەدا کە مۆنۆمێنتێک بۆ خوێندنەوەکانیان بنیات بنێن، تا دواتر ئێمە لێیەوە بگەڕێینەوە سەری و پەیوەندی لەگەڵدا بگرین و کتێبەکە بدۆزینەوە. دواتر مەلاکەریم و کوڕەکانی هاتن و کارەکەیان بنیاتنا و ئێمە دەتوانین لێوەی خوێندنەوەکانی خۆمان ئەنجام بدەین؛ یان ڕاستر کتێبەکانی خۆمان بنووسین.

شاخەوان سدیق: ئەگەر کتێب ئەم هەموو گرنگییەی هەیە و ئەوەندە سەرسامکەر و مانادارە، کەواتە ئێمە چۆن لە ماهیەتی ئەم شتەی پێی دەگوترێت کتێب تێبگەین؟

ئاوات ئەحمەد: کتێب زۆر لە کێوەبەفرینەی ناو زەریا دەچێت، لوتکەکەی لە دەرەوەی ئاوەکەیە و بەشە زەبەلاحەکەی دیار نییە، ئەگەر وریای خۆمان نەبین لەوانەیە کارەساتی گەورەتر لەوەی تایتانیک بخەینەوە. ئەو بەشەی کە لە سەرووی دەریاوەیە و دەیبینین، ئەوە بەشە ماتریاڵییەکەیەتی، ئەوەیە کە لەسەر مێزەکەم دانراوە و هێشتا مامەڵەم لەگەڵ نەکردووە، واتە هێشتا دەستم بۆ نەبردووە. بەشە زۆرەکەشی بریتییە لە پرۆسەی خوێندنەوە، یاخود سەرلەنوێ نووسینەوە کە ئەمیان بەردەوامییەکی سەمەرەی هەیە و دەتوانم بڵێم هەرگیز تەواو نابێت، واتە هەرگیز ناتوانین هەموو ناوچەکانی تەی بکەین و بڵێین تەواو ئیتر هیچ نەماوە؛ ئیتر لە کتێبەکە بووینەوە و گەیشتینە کۆتایی. چونکە هەمیشە شتێک دەمێنێت بۆ ئەوەی هەوڵی دۆزینەوەی بدەین.

هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەییەک لە نێوان بوونی کتێب لەوێ و سایکی مرۆڤیش لێرە. پێشتر دەرونشیکارەکان دیسان سایکی مرۆڤیان شوبهاندووە بە کێوە بەفرینەی ناو زەریا. بەڵام جیاوازییەکە لە پێچەوانەبوونەوەدایە. بەلای ئەوانەوە بەشی (ئاگا)ی سایکی مرۆڤ ئەو لوتکە بچووکەیە کە لەسەر رووی زەریاوە دەیبینین؛ بەشە مەترسیدارەکەشی (واتە نائاگایی) لەژێر دەریادا خۆی مەڵاسداوە؛ ئەمە بۆ کتێب بە پێچەوانەیە، واتە بەشە نائاگاکەی (لە پەڕەکان، بەرگ و دیزاین و شێوەی دەرەوەی) ئەوەیە کە لەڕووی زەریاکەوە دەیبینین و لە ژێریشەوە ئاگاییەکی فراوان هەیە کە دەبێت لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، یاخود دیسان نووسینەوەدا پەیی پێ ببەین.

ئەمە پرسێکی مەترسیدارە، ئێمە زۆرجار بە نائاگاییمانەوە پەیوەندی بە ئاگایی کتێبەوە دەگرین، ئەمەش بەپێی جۆری کتێبەکان دەگۆڕێت، بێگومان ئەوانیش جۆریان هەیە و شوێنێک تەرخان دەکەم بۆ قسەکردن لەبارەی ئەمەوە. لێرەدا ئاماژە بە یەکێکیان دەکەم کە کتێبی ئایدیۆلۆژییە. کاتێک دەکەوینە ژێر هەژموونی کتێبێکی ئایدیۆلۆژییەوە، یەکەمین شت کە ڕوودەدات ئەوەیە مرۆڤبوونی خۆمان بۆ هەتاهەتایە، یاخود بۆ ماوەیەک دەدۆڕێنین، ئیتر دەبین بە ئاژەڵێکی بەستراوە بە مێخ زنجیرێکەوە. هەر ئەم دەستەواژەیەشم بەکارهێنا وەک ناوێکی دووەمین بۆ ئەو جۆرە کتێبانە.

ئەم کتێبە دەتخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکت لێ قەدەغە دەکات، یان تەنیا ئەوەندە بواری بیرکردنەوە و تێڕامانت بۆ دەمێنێتەوە کە لە خزمەتی ئەودا بێت و بەو ئاڕاستەیەدا بڕۆیت کە بۆی دەستنیشان کردوویت. ئەم کتێبە تۆ دەکات بە دانە و لەناو گرووپێکی گەورەتری دانەکاندا پۆلێنت دەکات و لەبری هەمووتان ئەو بیردەکاتەوە و خۆی دەکات بە جیهانبینیی ئێوە. هەر ئەوەندەی کەوتیتە ژێر کاریگەرییەوە، ئیتر ئەو خۆی ئاراستەت دەکات بۆ هەر جۆرە مومارەسەیەک کە خۆی دەیەوێت، بۆ ئەمەش زۆرجار بۆ خوێندنەوەی دەستەجەمی کۆتاندەکاتەوە و یەکێک بەدەنگی بەرز خەریکی گوتنەوەی ڕستەی پەرتوبڵاو یان یەک لەدوای یەکی کتێبەکە دەبێت کە لە هەر جێگایەکەوە وەرگیراوە. زۆرجاریش ئێوە بەدوایدا لەبەرخۆتانەوە یان بە دەنگی بەرز دەڵێنەوە "ئای هاوار چەند جوانە"، یاخود "ئەمە مەزنترینە". لەکاتێکدا زۆر لە ئێوە هەر لێشی تێناگات. ئەوەی شتێکیشی لێ تێدەگات، حەزدەکات هەرچی لە نائاگایی خۆیدا هەیە، بۆ داکۆکیکردن لەو تێگەیشتنە بەکاربهێنێ.

مەترسی ئەم کتێبە لەوەدایە کە جیهان دابەش دەکات بۆ دوو بەرەی بەگژیەکداچوو، هەرگیز کار لەسەر تێگەیشتن و پەیوەندیگرتنی ئەرێنی ناکات، بەپێچەوانەوە هەمیشە ڕستە و دەستەواژەکانی میتافۆرییانەن و خۆیان نادەن بەدەستەوە. کاتێک دەکەویتە ژێر هەژموونی ئەم کتێبەوە، ئیتر دەربازبوونت زۆر زەحمەتە؛ چونکە ئەو نامەیەکی پێیە بۆ جیهان، دەیەوێت سەرلەنوێ ڕێکی بخاتەوە بەشێوەیەک کە خۆی دەیخوازێت. ئەم کارەش بە تۆ و ئەوانەی تر دەکات کە کەوتوونەتە داوییەوە.

شاخەوان سدیق: ئەی خوێنەر لە کوێی گرنگیی کتێبدایە؟ ئایا کتێب بەبێ خوێنەریش هەر سەرسامکەر و مەترسیدارە یان ئەوە خوێنەرە ئەو گرنگییە بە کتێب دەدات؟

ئاوات ئەحمەد: با بگەڕێینەوە بۆ لای کتێب و پەیوەندیگرتنی ئێمە پێوەی. لەبەرئەوەی کتێب و خوێنەر دوو جەمسەری جیاوازن لە یەکتری، جەمسەرێکیان ئاگایی و ئەوەی تریشیان نائاگاییە، هەردووکیشیان زۆر زەبەلاحن، بۆیە پرۆسەی خوێندنەوە وەک زۆرانبازیی نێوان تایتانەکانی لێ دێت (ژمارەیەک خواوەندی بەدەسەڵاتی یۆنانیەکان بوون، جەستەیان زۆر گەورە و کەتە بوو، زۆریش بەتوانا بوون)؛ کە زۆر بە زەحمەت یەکلایی دەکرێتەوە، بگرە لە هەر جەولەیەک یان (وەک بە منداڵی دەمانگوت لە هەر گێمێکدا) ئەنجامێکی جیاوازی دەبێت. هەربۆیە من جار لەدوای جار دووبارەی دەکەمەوە کە هەرگیز دوو کەس ناتوانن هەمان کتێب وەکو یەک بخوێننەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەمان کەس لە دوو کاتی جیاوازدا ناتوانێ هەمان کتێب بخوێنێتەوە. بۆچی؟

هۆیەکەی ئەوەیە هەریەکەمان لە گۆشەنیگای خۆیەوە، لەو زەخیرەیەوە کە لە نائاگایی خۆیدا کۆیکردووەتەوە، کتێب دەخوێنێتەوە، بۆیە پەیوەندیگرتن لەگەڵ کتێب، هەروەها ڕووداوی کاریگەری هەمیشە لە گۆڕاندایە و مەترسی کتێبەکانیش لێرەدایە، چونکە زۆر لە کتێبەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە بگۆڕێن بۆ ئایدیۆلۆجیا، گەرچی خۆشیان لە بنەڕەتدا وا نەبن. ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە خوێنەرەکانی لە خودێکی بیرکەرەوەوە دەگۆڕێن بۆ دەروێشێکی دەف بەدەست و دەستبەرداری بیرکردنەوەیان دەبن.

مەسەلەی پەیوەندیگرتن لەگەڵ کتێب فرەجەمسەرە و تا ڕادەیەکی زۆریش ئاڵۆز و پڕ لە شوێنی سەیروسەمەرەیە کە هەتا خۆمان فڕێنەدەینە ناوی درکی پێ ناکەین. ئەم کارەش خۆی جۆرێکە لە خۆدانە دەستی نەزانراو، کە ئەگەری ئەوەی هەیە کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنیشی هەبێت؛ بگرە هەندێک کتێب هەن کە هەرچۆنێک لەگەڵیان خەریک دەبیت، خۆی ناخاتەڕوو بۆ پەیوەندیگرتن، چونکە ئەوانە هەر لە بنەڕەتدا هێشتا لەوێ نین، خوێندنەوەش ناتوانێت شتێک بهێنێتە ئاراوە کە پێشتر لەوێ نەبووبێت، یان لانیکەم ئەگەرەکانی هەبوونی فەراهەم نەبووبێت.

شاخەوان سدیق: کەواتە مرۆڤ بۆ دەبێت بخوێنێتەوە؟

ئاوات ئەحمەد: ڕەنگە باشترین و ڕاستەوخۆترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بێت کە بڵێم "لەبەرئەوەی مرۆڤە!" دوای گوتنی ئەم ڕستەیە، پێویست ناکات هیچی تر بڵێم. چونکە مرۆڤەکان تاکە بوونەوەرن کە ئەزموونەکانی خۆیان تەنیا لەڕێگای (غەریزە)وە بۆ نەوەکانیان ناگوازنەوە، بەڵکو کتێبیشیان هەیە و دەتوانن زانیارییەکان کەڵەکە بکەن و ناچار نەبن هەمیشە خۆیان لەناو ئەزموونەکاندا بژین تا فێرببن، بەڵکو لە کەسانی دەورووپشتیان و ئەوانەش کە ساڵانێکی زۆرە لێرە نەماون، ئەزموون وەرگرن. بەمجۆرە، خوێندنەوە بژارەیەک نییە لەبەردەمتدا کە سەرپشک بیت لەوەی هەڵیدەگریتەوە یان نا، مەبەستم لەوەیە نەخوێندنەوە خۆی مانای مرۆڤنەبوونە. ئەوە خوێندنەوەیە کە لە بوونەوەرێکی ڕەمەکییەوە دەمانگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی ئەقڵانی، واتە دەمانکات بە مرۆڤ. خوێندنەوە بریتییە لە کردنەوەی دەرگای کتێبەکان و دۆزینەوەی ئەو هێڵەی لێوەی پەیوەندییان لەگەڵدا دەگریت، ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرچڵییەکی گەورەیە. ئەمە بۆچی وایە؟ چونکە کتێبێکی نەخوێندراوە شێرێکی نووستووە، بێدارکردنەوەی شێری نووستوو، دلێرییەکی زۆری پێویستە، چونکە ڕەنگە ئاکامەکەی بە تێداچوونی خۆت تەواو ببێت. ئایا پێویست دەکات بڵێم بیرۆکەی شێرە نووستووەکەم لە گوزارشتەکەی ئێرنست هێمنگوای وەرگرتووە کە دەڵێت "کتێبێکی تەواوکراو شێرێکی مردووە"؟ من لەگەڵ بۆچوونەکەدا زۆر کۆکم، چونکە ئەو لە پەیوەندیدا بە نووسەرەوە قسە دەکات، بەڵام من گۆڕیومە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیدا بە خوێنەر بەکاریبهێنم. هەرچۆنێک بێت، کورد گوتەنی خەو برای مەرگە، خوێندنەوەی کتێب خۆی جۆرە داهێنانێکە، دیسان نووسینەوەیەتی، واتە دەتوانم بۆچوونەکەی هێمنگوای ئاواهیش بەکاربهێنم: "خوێندنەوەی کتێبێک، زیندووکردنەوەی شێرێکی مردووە". واتە بە مانایەک لەماناکان نووسینی کتێبێکی دیکەیە. هەر لێرەشەوەیە کە من بەردەوام لە سیمینارەکانمدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە هیچ دوو کەسێک ناتوانن هەمان کتێب بخوێننەوە، بەڵکو هەریەکەیان مومارەسەیەکی جیاواز دەکات. ڕاستە هەردووکیان لەهەمان دەروازەوە دەچنە ژوورەوە، بەڵام لەودیوی دەروازەکەوە جۆرەها هێڵ هەیە بۆ پەیوەندیگرتن، هەروەها خوێنەریش نائاگایی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەباتە ژوورەوە، بێ ئەوەی ڕۆڵی ئاگایی فەرامۆش بکەین. ڕاستییەکەی نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەبەرئەوەی پەیوەندیکردن بە کتێبەوە فرەجەمسەرە و کۆمەڵێک فاکتەری زۆر بەشدارییی تێدا دەکەن (ئاستی ئاگایی، نائاگایی، حەزەکان، میزاجی ساتەوەختی خوێندنەوە و... هتد) بۆیە هەرگیز ڕوونادات کەسێک لە دوو کاتی جیاوازدا هەمان کتێب بخوێنێتەوە. سیحری کتێبەکان لێرەدان و هەر لێرەشەوەیە کە بەردەوام دەڵێم "ئەو چێژەی لە خوێندنەوەدا هەیە، قابیلی وەسفکردن نییە". ئەوە چێژێکە تەنیا لە کاتی تاقیکردنەوەدا (خوێندنەوە) تامی دەکەیت. وەکچۆن هەموو دنیا باسی تامی مرەبات بۆ بکات، ناکاتە ئەوەی کەوچکێکی لێ بخەیتە سەر زمانت و بڵێیت: "همم... ئێستا دەزانم تامی چۆنە."

> هەرگیز ڕوونادات کەسێک لە دوو کاتی جیاوازدا هەمان کتێب بخوێنێتەوە

خوێندنەوە جۆرێکە لە عەشق، داوێکە لە نێوان خوێنەردا لەکاتێکدا کە خەریکی خوێندنەوەیە، لەگەڵ نووسەردا لەکاتێکدا کە لەوێ نییە، واتە عەشقێکە لە بزریدا، ئەوەی پێیدەگوترێ نووسەر، ئەو کەسە نییە کە لە دوای نووسینی کتێبەکەی دەمرێت، وەک ڕۆلان بارت و کەسانی تر دەڵێن، بەڵکو ئەو کەسەیە کە لەدوای خوێندنەوە لەدایک دەبێت. ئەم نووسەرەیان هەمان ئەو کەسە نییە کە کتێبەکەی نووسیوە، کە من بەردەوام بەویان دەڵێم (دانەر)، بەڵکو کەسێکە کە کتێبی تایبەتی خۆی دەنووسێتەوە، واتە لەتوێی خوێندنەوەوە دەینووسێتەوە.

شاخەوان سدیق: کەواتە ئێستا دەبێت بپرسم ئەی ئەو کەسەی کتێبەکان دەخوێنێتەوە و پێیدەگوترێ خوێنەر ئەمەیان کێیە؟ ئایا هەموو کتێبخوێنێک خوێنەرە؟ یان خوێنەر خاوەن خەسڵەتی تایبەتە؟

ئاوات ئەحمەد: پرسیاری خوێنەر کێیە؟ پرسیارێکی بەجێیە، خوێنەر بەدرێژایی مێژووی خۆی هەر هەمان بوونەوەر نەبووە، بەڕاستی خوێنەریش مێژوویەکی هەیە کە لە بەرامبەریدا جگە لەوەی بە سەرسامییەوە بڵێین "سەیرە!" هیچی ترمان لەدەست نایەت. سەرەتا کۆیلەیەک بوو لەبەردەمی ئاغایەکی ڕۆمانیی ورگ زلدا دادەنیشت و بەدەنگی بەرز شتی بۆ دەخوێندەوە، ئەو تەنیا هەر ئەمەی لەسەر بوو؛ دوای تەواوبوونی کارەکە دەکشایەوە بۆ جێگای خۆی. ئەگەر دوای ئەم کەسە بکەوین دەبێت گەلێک ڕێگای سەیر و سەمەرە بدۆزینەوە. ئەوەی گرنگە بیڵێم، من مەبەستم لەو خوێنەرە نییە کە هەتا ئەمڕۆش هەر هەیە و بگرە لە باڵاترین ناوەندە ڕۆشنبیری و کولتووری و پەروەردەییەکاندا، لە نموونەی زانکۆ، ئامادەیی هەیە. کەسێکە دەخوێنێتەوە لەبەرئەوەی داوای لێکراوە، پێویستە بڕوانامە وەربگرێت و... هتد. هەربۆیە من ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن بڕوانامە باڵاکانی ئەم وڵاتە لەو کۆیلە ڕۆمانییە زیاتر نابینم. ئەی خوێنەر کێیە؟ ئایا لەگەڵ یەکەمین خوێندنەوەدا، ئیتر خوێنەرمان هەیە؟ ڕاستییەکەی نەخێر، خوێنەر کەسێکی وەهمییە، لە ئەنجامی مەشقکردن و ڕاهێنانێکی درێژدا دروست دەبێت، ڕێک ئەو کەسەیە کە نووسەر ئەندێشەی دەکات، بەڵام هەرگیز بەوجۆرە دەرناچێت، بەڵکو هەمیشە لە کۆتاییدا ئەو لەگەڵ وەهمی خوێنەردا کاری کردووە. ئەمەیان داستانێکی ترە. بەکورتی خوێنەر ئەو بوونەوەرە هیولاییەیە کە دەتوانێت بۆشاییەکانی دەق پڕ بکاتەوە، ئەمەش بەهۆی خوێندنەوە زۆر و زەوەندەکانی پێشووتریەوە دەکات، ئەمەش ئەو نائاگاییەیە کە خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەیباتە ناو تێکستەکەوە. پێشتر بە ئەنقەست باسی نائاگایی خوێنەرم بە کورتی بڕییەوە تا لێرەدا باسی بکەم.

> خوێندنەوەی کتێب خۆی جۆرە داهێنانێکە و دووبارە نووسینەوەیەتی

نائاگایی خوێنەر جیاوازە لە نائاگایی خود، یان کەس. لە دووەمیاندا پرۆسەکە بەجۆرێکە کە هەموو ئەزموونە نەویستراوەکان، ناخۆشەکان، ئەوانەی کورد گوتەنی ڕووی مەجلیسیان نییە، فڕێ دەدرێنە خوارەوە بۆ ناو چاڵێکی تاریک و پاسەوانیان بەسەرەوە دادەنرێت بۆ ئەوەی نەتوانن بێنەوە دەرەوە بۆ ناو ئاگایی. بەڵام نائاگایی خوێنەر بەشێکی بچووکی قەوارە گەورەکەیەتی، ئەوەی کە خوێنەر دەیبات بۆ لای کتێبەکان ئاگاییەکەیەتی، کۆی ئەزموونەکانیەتی لەگەڵ خوێندنەوەدا، کە مەشقەکان، فێربوونەکان، پێسەرسامبوونەکان؛ بەهەمانشێوە تووڕەبوون و نارەزایی و ڕەخنەکانیشی پێکەوە تێدا کۆدەبنەوە و دەبنە ئەو ئامرازە ئەپستمۆلۆجییەی لە خوێندنەوەکانی دواتریدا بەکاریاندەهێنێ. ئەمە ئەو خوێنەرەیە کە دەزانێت چێژ لە دەق وەربگرێت، کە دەگاتە ئاستێک دەقە ئایدیۆلۆجییەکان دەرەقەتی نایەن. هەر ئەمەش خۆی گرنگترین هۆیە بۆ ئەوەی بخوێنینەوە. پێداویستی خوێندنەوە لێرەدایە؛ بۆ ئەوەی بتوانین شارەزای گەمەکە ببین، بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان وەک خوێنەر لەناو هاوکێشە چوار جەمسەرییەکەدا بە شایستەیی بەدەستبهێنین.

پێشتر گوتم کتێب بریتییە لە پەیوەندی و کاریگەری. بەڵام ئەمانە بێلایەنن، وەک ئەوەی گەردەلوولێکی گەورە لەناو شووشەیەکی بچووکدا بێت، خۆیان مت کردووە، لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا دەتەقنەوە. هەربۆیە دەگوترێت خوێندنەوە پرۆسەیەکی مەترسیدارە و ترسنۆکەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نابێت بخوێنینەوە، گوایە تێکماندەشکێنێ. ئەمە ڕاستە، خوێندنەوە هێزێکی تێکشکێنەرە، بەڵام تەنیا ئەوانە تێکدەشکێنێ کە لە سەرەتای پرۆسەکەدا خۆیان بە دەستەوە دەدەن، بەواتای ئەوەی خاوەنی ئاگاییەکی بچووکن.

لە بەشی یەکەمی پرسیارەکەدا ئاماژەم کرد بۆ جۆرە خوێندنەوەیەک: دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان نائاگایی خوێنەر و ئاگایی کتێبدا. شتێکیش لەوبارەیەوە دوایین، بەڵام ئەوە تەنیا یەکێکە لە ئەگەرەکانی خوێندنەوە، کە هەرگیز بەو شێوە پوختە ڕوونادات، واتە خوێنەر ناتوانێت بەتەنیا لە ئاگاییدا بێت؛ بەڵام با ئەوەندە وردی نەکەینەوە و بەشێوەیەکی درشت جەمسەرە سەرەکییەکانی دیکەی پەیوەندیگرتن دەستنیشان بکەین:

دەشێت پەیوەندییەکە لەنێوان ئاگایی خوێنەر بە سێ جۆری دیکەش بێت:

ا. ئاگایی خوێنەر و نائاگایی کتێب
ب. ئاگایی خوێنەر و ئاگایی کتێب
ج. نائاگایی خوێنەر و ئاگایی کتێب.

وەک گوتیشم، ئەم تێکەڵە کیمیاییە هەرگیز بەو پوختییە نایەتە دی، بەڵکو هەمیشە ڕێژەی جیاجیا لەهەر چوار جەمسەرەکە بەشداریی دەکەن. هەربۆیەشە هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە کە خوێنەرەکان لەیەک ناچن، دەتوانین لەناو کلاسێکی گشتیدا کۆیانبکەینەوە، بەڵام هەریەکەیان بۆ خۆی قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیاوازە. بۆیە هەریەکەیان هۆیەکی جیاوازی هەیە بۆ خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بەو شێوە گشتگیرە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، ئەوە هەر زۆر سەختە.



# نامە

رەسووڵ سوڵتانی



کە هات، زۆر بە کەفوکوڵ بوو. زۆرجار سەری لەو سوعبەت و گاڵتە و جەفەنگانە سوڕدەما کە ئێمە دەمانکردن. نازانم چ وێنەیەکی ئێمەی لە زەیندا بوو، چۆنی بیر لە ئێمە دەکردەوە کە وەختێک ئاوای دەدیتین، سڕ دەبوو، دەحەپەسا و تاوێک ڕادەما و سەرێکی بادەدا. دیار بوو خەفەتی لێ دەخوا یان بڕوا ناکا. دەتگوت بۆ شتێک هاتووە و بەسەر شتێکی دیکەدا کەوتووە. سێ چوار جاران چووبووە بەشی سیاسی نیزامی و گوتبووی ئەگەر کارێکی ناوخۆی وڵاتم پێ نەسپێرن و نەمنێرنەوە دەڕۆم. ئەمن نەهاتووم بۆ بیرەخواردنەوە و تاوڵەکردن، هاتووم خەبات بکەم. ئێمەش کە ئیدی ساڵانێک بوو هاتبووین، هەر گاڵتەمان بەو کەفوکوڵە دەهات. کوڕەکان دەیانگوت ئەو هەتیوە تازە سەری لە هێلکە هێناوەتە دەرێ، دەیەوێ بڵێ ئەمن لە ئێوە شۆڕشگێڕترم. دەی تۆقتۆقیلەی لە بن پێی بتەقێ، خۆی تەڕ دەکا.

سەردانی یەک دوو پەلی دیکەشی کردبوو. هەر لەو حەفتەی یەکەمەی پاش فێرگەیدا چەند کەسێکی لەوانە دۆزیبووەوە کە بە منداڵی ناوی لەم و لەو بیستبوون و خۆی واتەنی گەلێ شەوان بە ئانقەست و بە بیانووی ئاوداشتنەوە لە مەزرا و دەشتێ مابووەوە بەشکم شەوێک لە شەوان بەوێدا بێنەوە و بیانبینێ. دەیگوت ئامۆزاکەم جارێک بۆی گێڕاومەتەوە کە شەوی بیستوپێنجی گەلاوێژ، لە نێو بێستانەکەمەوە دەنگ دەهات. زوو زانیم ئەوانە کاڵەکدز نین، چونکە دز بەبێ چپە و دەنگ دێ و تەنانەت بە ماتەماتەش دێ و دەڕوا، کەچی ئەوانە بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. دەسبەجێ گوتم بێ و نەبێ کوڕەکانن. دەیگوت، لە چارداغەکە هاتمە خوار، بە پشت گوڵەبەڕۆژەکاندا وەرسووڕامەوە، لەبەر رووناکایی مانگەشەوەکە دیتمن، چوار کەس بوون. ئەمنیش بۆ ئەوەی ئەوان نیگەران نەکەم، سەبرێ گەڕامەوە لای چارداغەکە و دیسان لەوێوە بە ویرەویر و گۆرانیگوتن بەرەولایان چوومەوە. وەک ئاگام لێ نەبێ هاتوونە نێو بێستانەکە. پێش ئەوەی بیانگەمێ یەکێکیان بانگی کردم و گوتی: بێستانچی؟ ئەوە لێرەی؟ گوتم بەڵێ.... فەرموون ئێوە کێن؟ گوتی وەرە پێشێ وەرە خۆ ناتخۆین. کە چووم، لە پێشدا زۆر ساردوسڕ بووم بە ئانقەست. ئاخر جاری وابوو جاشەکان بە جلی پێشمەرگەوە دەهاتن و خۆیان دەکردە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی بزانن خەڵک کاردانەوەیان چۆنە و دوایی لە خەڵکیان دەدا. ئەوەی بانگی کردبووم، گوتی: ئێرە مووچە و مەزرای ماڵی فلانە کەس نییە؟ گوتم با ئەمن برازای ئەوم. ئەو خۆی نەناساند، بەڵام گوتی: نەمانزانی لێرەی دەنا ئاوا بەبێ ئیجازە وەنێو نەدەکەوتین. ئێوارێ بیستمان خەڵکیان بە زۆر ناردوونەوە ماڵەوە و گوتوویانە نابێ هیچ کەسێک ئەمشەو لە دەشتێ بێ. ئەوەی دوو سێ جار گێڕابووەوە و تەنانەت بۆ ئاشناکانیشیانی گێڕابووەوە کە چۆن هەموو هاوینێک، بە درێژایی هاوین لەو دەشتە چاوەڕێیان بووە شەوێک بەوێدا بێن و بیانبینێ. ئەو شتانەی زۆر بە تاموبۆنێکی تایبەتەوە دەگێڕانەوە و تەنانەت لە فێرگەش شانۆیەکی نووسیبوو و لەگەڵ چەند هاودەورەیەکی خۆی دەوریان گێڕابوو، لەوێشدا ئاماژەی بەو شتانە کردبووەوە. ئێستاش هەر جارێکی خەیاڵ هەڵیدەگرت، ئەمن دەمگوت بڵێی ئێستا خەیاڵەکانی و ئەوەی بە واقیع دەیانبینێ چەندە لێک دوور یان نزیک بن؟ ئاخر منیش وا بووم. نازانم بۆچی سەرەتاکان ئەقڵم نەیدەبڕی دوو پێشمەرگە پێکەوە نێوانیان نەبێ؟ چۆن دەبێ دوو پێشمەرگە دەنگ لە یەکتر بگۆڕن یان بەشەڕیش بێن؟ بەڵام کە وردە وردە ڕۆژ و حەوتە و مانگی بەسەردا هات و ساڵی بەسەردا تێپەڕی، ئەمنیش ڕاهاتم و کەوتمە بەرێک و ڕۆژ هەتا ئێوارێ شیر و تیرم لە بەرەکەی دیکە دەسوو. باڵباڵێن لەبیری بردبووینەوە بۆچی هاتووین و بەرپرسیارێتیمان چییە. لایەک حەزی دەکرد لایەکەی دیکە بڕۆن ملیان بشکێنن و لەکۆڵیان ببنەوە، باڵێکیش حەزیان لە ڕۆیشتن بوو، خواخوایان بوو بیانووەکان بەشی ئەوە بکەن سفرەی خۆیان جوێ بکەنەوە. ئەمنیش ڕاهاتبووم ببمە بەشێک لەو هەرایە و بگرە لێم ببوو بە خوو. جا کە ئاواتی هەردوولایان وەدی هات، ئەو کەوتە لای ئێمە. لەحاڵێکدا پێش جیابوونەوەکە هەموومان پێمانوابوو لەگەڵ ئەوانی دی دەکەوێ و دەڕوا. هەرچەندە کەسێکی واش نەبوو کە ئەگەر ڕۆیشتبایە گوتبامان حەیفە، وەک چۆن مانەوەشیمان زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو. هێشتا دەستێک جلوبەرگی نەدڕاندبوو کە هەم لەگەڵ دووبەرەکی و شەڕەجرتانێ و یەکتر بوغزاندنەکانمان ڕاهات و هەمیش وای لێهاتبوو زۆر جار جنێوی گەورەگەورەی نەک بە ئێمە، بگرە بە گەورەکانیش دەدا. کەچی سەرەتاکان وەختایەک ئەو هەتیوە قۆشمانە زۆریان بۆ دێنا، ئەو هەر دەیگوت خۆزگە پێشمەرگە نەدەبوون، جا خۆم دەمزانی چتان لێ دەکەم....

لەو سەروبەندەدا هەستمان کرد ئاشق بووە. ئاشقی کچۆڵەیەکی وردیلەی شیرینی چاوشین ببوو. جا من بەوەڕا زانیم ئاشقی بووە کە دەمدی ناردبایانە نێو شار، بەلای ماڵی ئەواندا نەبا نەدەچوو، هەر بەلای ماڵی ئەوانیشدا دەهاتەوە و لە شاییەکیش دیتم ئەو کچە هاتە دەستی و هەتا لە گاوانییەکەیش شل شل نەبوون دەستی هەر بەرنەدا. پاش ئەو شاییە بوو کە ئەمن گومانەکەم ڕەوییەوە و دڵنیا بووم دڵی بە کێوەیە و ئاشقی کێ بووە. جاران کە دەیگوت پێشمەرگە نابێ ژنی هەبێ و ژن و منداڵ دەست و پێی پێشمەرگە دەبەستن، ئەوجار گوێم لێ دەبوو دژی ئەو بڕیارە بوو کە تازە دەرکرابوو و گوتبوویان پێشمەرگە تا سێ ساڵ نابێ زەماوەند بکا. جا بە قۆشمەیی دەیگوت، باشە بۆ نایەن بمانخەسێنن. وەک شەڕکەرەکانی قەڵای ئەلەمووت؟ یەک دوو جار کە ئەم قسەی لێرە و لەوێ کرد، ناویان نابوو سامان ئەلەمووت.

سامان ئەلەمووت ڕۆژێکیان بە ژنە چێشتلێنەرەکەی گوتبوو، نامەیەکم بۆ ئەو کچەتیوە چاوشینە نووسیوە و هەرچی دەکەم لە ڕووم هەڵنایە بیدەمێ. چۆن بۆم ئاگادار دەکەیەوە کە ئاخۆ لێم وەردەگرێ یان نا؟ ئەویش گوتبووی هەتیوە ڕاوەستە با جلەکانی فێرگەت دەقیان بشکێ و جارێک چڵکن بن و بشۆرێن. ئەوە بۆ هەرچی هات لێرە خۆی دەناسێ؟ بەو قسەیە ئەوەندەی دی بەخۆیدا شکابووەوە و نامەکەی نەدابوویێ و هێنابوویەوە. دەمدی هەموو شەوێ دەیخوێندەوە و دادەنیشت سەرلەبەر دەینووسییەوە. دەمزانی شتی لێ زیاد و کەم دەکا. دڵنیا بووم هەموو جارێ چەند شیعرێکی لێ زیاد دەکا، چونکە یەک دوو دیوانە شیعری کوردی و فارسیی لە خۆی کۆکردبوونەوە و لە کاتی نووسینەوەی نامەکەدا هەر جارە و یەکێکیانی لێکدەکردەوە و سەیری هێندێ لاپەڕەی دەکردن. گوتم ئەرێ ئەلەمووت، ئەو نوشتووە چییە هەر دەینووسی و دەیپێچییەوە و دەیکەیەوە و دەینووسییەوە؟

توورە بوو، گوتی ئەوە پێوەندی بەتۆوە نییە.

گوتم جا ئەگەر نامەیە و نووسیوتە، بێنە ئەمن بۆی دەبەم.

لە پێشدا هەستم کرد گەشاوە و کتوپڕ خۆی گرژ کرد و گوتی: دەڵێم پێوەندی بە تۆوە نییە.

ئەمن خۆم تێکنەدا و گوتم، باشە ئەو ڕۆژە دوو سەعات لە دەستتدا هەڵپەڕی، پێت گوتبایە و تەواو، چ وەختی نامەنووسین و شتە؟

جوابی نەدامەوە، هەستا چووە دەرێ. ئێوارێ دیتم خۆی جوان جوان کردووە. شایی بەخۆ و دڵخۆش چەکەکەی لە شانیدایە و دێ و دەچێ.

گوتم ها ئەلەمووت، دەچیەوە ناوچە؟

گوتی: نا ئەمشەو رێوڕەسمە. ئەمنیش لە شانۆیەکدا بەشدارم. شانۆیەکە خۆم نووسیومە...

شانسی هەبوو خۆم تۆزێک لەخۆوە بێتاقەت بووم و ئیتر سەرم نەکردە سەری و بەجێمهێشت. ئەمن نەچوومە رێوڕەسمەکە. چونکە دەمێک بوو لەو رێوڕەسم و شتە بێزار ببووم. کە رێوڕەسمەکە تەواو بوو، حەزم لێبوو بچم یەک دوو برادەرم لەوێ ببینم، دەمێک بوو نەمدیتبوون. پێش ئەوەی بگەمە ئاپۆرای خەڵکەکە، گرمەیەک هەستا وەک بڵێی ئاسمان ڕووخابێ، تا ئاوڕم داوە گرمەیەکی دیکە و ئاگرێک دڕی بە تاریکایی شەوەکە دا و بوو بە هەرا و هاوار هاوار.... کە گەیشتمێ، لە قەراغەوە کەوتبوو. چەکەکەی بە دەستێکەوە و نامەکەی لە دەستەکەی دیکەیدا بوو....



# دادگا

رەندە عەوەز

وەرگێڕانی: سەنگەر زراری

هەواکە چڕ و توند دەردەکەوت، لە سینگمدا هەستم بە ئازارێک کرد و قوڕگم گیرابوو. هەستم کرد خەریکە دەخنکێم، دەتگوت لە هەناسەداندا، لەجیاتی هەوا ئاو هەڵدەمژم، پاشان گرێی زمانم بووەوە، وشەی "من"م بە دەنگێکی زوڵاڵ لە دەم دەرپەڕاند، وەکو ئەوەی ئەمە دەقیک بێت بوونی خۆمی پێ بسەلمێنم:

– جەنابی دادوەر، من بۆیە لێرەم، چونکە ناتوانم لە هیچ شوێنێکی دیکە بم، ئەویش بەهۆی ڕەگەزنامەکەمەوە، من ناسنامەم نییە، هیچ وڵاتێک وەرمناگرێ.

ماوەیەکی کورت بێدەنگی باڵی کێشا، دادوەرە ئافرەتەکە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا، من چاوەڕێ بووم چەکووشە دارینەکەی بە مێزەکەدا بکێشێ و بڵێ: "دانیشتنەکە هەڵگیرا"، بەڵام وای نەکرد، بەڵکو لەسەر مینبەرەکە هاتە خوارەوە، لەکاتێکدا من هێشتا دانیشتبووم و فرمێسک لە چاوەکانم قەتیس ببوو، پارێزەرەکە لە تەنیشتمەوە بە خڕکردنەوەی کاغەزە پەرشبووەکانەوە خەریک بوو، خستنییە ناو جانتاکەی و هەندێ کلینیکسیشی لە جانتاکە دەرهێنا و خستییە بەردەمی من. وەکو ئەو جاڵجاڵۆکەیە ترسابووم کە تۆڕێکی نەبینراو لە دەوری خۆی دروست دەکات بۆ ئەوەی بیپارێزێ. دەستەکانم بە شانمدا شۆڕببوونەوە، دەتگوت کەپرێکی بێ ستوونن، پەنجەکانم تێکئالابوون بۆ ئەوەی شڵەژاوییەکەم بشارنەوە، وەکو هەموو ئەوانەی تر، ئارەزووم بوو بچمە دەرەوە، بەڵام سەرسووڕەیەکی گچکەم تووش بوو، هاوشێوەی ئەو سەرسووڕەیەی بەر لە هاتنە ناو هۆڵەکە تووشم بوو، هۆکارەکەشی ڕەنگی دیوارەکان بوو کە پێموابوو بە مەبەست وا ڕەنگ کرابوون، لە کەسێکی ناتۆخەوە دەستیپێدەکرد و وردە وردە دەبووە زەرد.

دەنگی پێڵاوی ڕێڕۆیشتنەکان لەسەر زەوی زیادیان دەکرد، دەتگوت بەتوندی بە قەدی درەختدا دەکێشرێ، گوێم لێبوو وشەی "دادگا" دووبارە دەبووەوە و دەنگی دەدایەوە، وەکو ئەوەی خەون ببینم.

بەڵام خەون نەبوو، بەڵکو ڕۆژی دادگاییەکەم بوو، ئەو ڕۆژەی بە دوودڵی و نیگەرانییەوە چاوەڕێم دەکرد و دەمپرسی: چۆن بوو وام لێهات بچمە بەردەم دادگا؟ ئاخر تاوانم چییە؟!

ڕووەو ئەو ئاوێنەیە دەچم کە بە لێواری پێخەفەکەوە چەسپێنراوە، لێپرسینەوە لەگەڵ ڕووی خۆم دەکەم: "وامزانی ڕزگارم دەکەی! ئەوە حاڵتە..؟! ئەمە دادگای پەنابەرییە هەی گەمژە، خۆ دادگای تاوانباران نییە!" ڕەنگ و ڕووم لە ئاوێنەکەدا دەگۆڕێ و دەڵێم: "ڕاستە تەنانەت بەرلەوەی لەدایکیش ببم من پەنابەر بووم! ئەمە چارەنووسی هەموو کۆرپەلەیەکی فەڵەستینییە. بەڵێ.. من کچە پەنابەرێکم لە دیمەشق لەدایک بووم، کەچی لێرە، لە ئەورووپا دەیانەوێ بڕیارم لەسەر بدەن کە ئایا سیفەتی پەنابەری لەسەر من جێبەجێ دەبێ یان نا!"

ئەو ڕۆژە، پێش دادگاییەکەم، هیچم نەخوارد، نەنووستم، هیچم نەخواردەوە. لە ژووری بنکەی نیشتەجێی پەنابەریی هاتوچۆم دەکرد. ژوورەکە بچووک بوو، ڕووبەری شپرزییەکەم لە ڕووبەری ژوورەکە گەورەتر بوو.

وێنەی ئەو سیناریۆیە دەنەخشێنمەوە کە بۆ سبەینێم داڕشتووە، سبەی نیوەڕۆ بە یاوەریی پارێزەرەکە و هاوڕێ دەرهێنەرە هۆڵەندییەکەت دەچیتە ناو دادگا، بە تەنیا نیت. دادوەرەکە هەندێ پرسیارت لێ دەکات و دەگەڕێیەوە.

دادوەر!

بەڵێ دادوەرێکی ئافرەتە، لەوە زیاتری لەبارەوە نازانم!

درێژە؟ پرچی کورتە؟ زەردە؟ خۆڵەمێشییە؟ گەورەیە؟ گەنجە؟!

چ کارت بەمانەیە؟! گرنگ ئەوەیە دادپەروەر بێ.

ئێمە لە چ ڕۆژێکی هەفتەداین؟ هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە سبەی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە، من وەکو مەڕ لێدەخوڕن و سەرم دەبڕن. چ مەڕێک و چ سەربڕینێک؟! نابێ ترسەکەت ئەوەندە گەورە بکەی. بابەتەکە تەنیا ئەوەیە گوێ لە بۆچوونەکەت دەگرن بۆ حوکمدان لەسەر داوای پەنابەرییەکەت. داوای پەنابەرێتی تاوان نییە. لە ئەورووپا ئەگەر گەیشتییە دادگا مانای ئەوە نییە کە تۆ تاوانباری.

بە تاوان دانانرێ؟!

نەخێر بە هیچ شێوەیەک!

بەئارامی هەناسە دەدەم، بەڵام پێنج خولەک تێناپەڕێ کە وشەکانی باوکم بیردەکەوێتەوە: "ئێمەی فەڵەستینی هیچمان نییە جگە لە بڕوانامەکانمان، بخوێنن، جگە لە خوێندن هیچ شتێکی دیکەتان بەکەڵک نایەت!" ئەمڕۆ خودی خوێندن خۆی، خۆی لە ئێمە بێبەش کردووە، دوو کچەکانم ناتوانن لە وڵاتانی عەرەبی بخوێنن. باشە ئێمە چ تاوانێکمان کردووە کە پێشتر و تا ئێستاش مایەی گاڵتەی وڵاتانین؟! هەر خراپەکارییەک ڕوودەدا دەخرێتە ئەستۆی فەڵەستینییان، بە زەویدا پەرشوبڵاویان کردووینەتەوە، خەم دڵی وێران کردین. بەڵام.. پێویستە ئەگەر کەمێکیش بێت بنووم. خەریکە خۆر هەڵدێ.

ڕۆژی دواتر داهات. پلانەکە وابوو کە سەرەتا بچمە نووسینگەی پارێزەرەکە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی هەندێ بابەت بکەین، پاشان بچینە دادگا، ئینجا دەرهێنەرە هۆڵەندییەکەی هاوڕێشم لەوێوە بگاتە لای ئێمە.

ڕێگای نووسینگەی پارێزەرەکەم بست بە بست دەزانی. لە گەڕەکی هاریلم بوو، خانووی گەڕەکەکە قرمیدیی بوون لەسەر شێوازی کۆن. باڵەخانەی مێژوویی بوون، کرابوونە شانۆ و سەنتەری کولتووری، کڵێسایەکی گومەز ئاوزێڕکراو کرابووە سەنتەری فێرکردنی مۆسیقا. وەکو ئەوەی زەمەن چوارسەد ساڵ گەڕابێتەوە دواوە، بە درێژایی ڕێگاکە، ڕووکارم وێنەی گچکەترین وردەکاریی دەگرت. ڕووە ڕاستەقینەکەم بە ئاوێنەی ژوورە بچووکەکەمەوە چەسپ ببوو، لەجێی ئەو ڕووێکی دیکە شوێنی گرتەوە کە هەموو وردەکارییەکی شوێنەکەی وەردەگرت.

گەیشتمە نووسینگەی پارێزەرەکە کە چاوەڕێی دەکردم، من ناوم لێنابوو "خاوەن سێبەری درێژ"، وەک ئاماژەیەک بۆ کەسایەتیی ڕۆمانەکەی جین ویبستەر، دوای نیو سەعات، دەرهێنەرەکەش گەیشت. وەکو هەموو جارێ دڵخۆش بوو.

گفتوگۆمان لەسەر ئەو پرسیارانە کرد کە ڕەنگە لێم بکرێن، پاشان بەپێ بەرەو دادگا کەوتینە ڕێ، کە تەنیا پازدە خولەکێک لێرەوە دوور بوو. لە کۆتاییەکانی مانگی ئابدا هەتاو سووتێنەر بوو، من لەدوای سێبەری پارێزەرە درێژەکەوە دەڕۆیشتم، بەتەنیشت ئەو باڵەخانانەدا دەڕۆیشتین کە بە دیوارێکەوە دەگەیشتنە نهۆمە قرمیدییەکانیان، ئەوان هەردووکیان لەپێش منەوە دەڕۆیشتن، پارێزەرەکە ئاوڕێکی بۆ لای من دایەوە و پرسی کە ئایا هێواشتر بڕۆن؟ وەڵامم دایەوە کە دۆخەکە ئاساییە، جانتاکەی هەڵئاوسابوو بە دۆسیەکانی من.

گەیشتینە دادگا، باڵەخانەکە کۆن بوو، دەتگوت مۆزەخانەیە. تابلۆیەکی هونەری بوو کە وەسف نەدەکرا، پارێزەرەکە جلێکی ڕەشی پانوپۆڕی لەبەر کرد، بەهۆی ڕەنگ و دیزاینی دیوارەکەوە، هەستم بە سەرسووڕە کرد، دوای نیو سەعات دانیشتنەکە کۆتایی هات، دوا گوتە کە داوەرەکە لە دەمی هاتە دەرەوە، ئەمە بوو: "ئەوەی تۆ دەیڵێی ئێمە بە هەندی وەردەگرین، دوای شەش هەفتەی دیکە حوکمەکە دەردەچێ، بەهیوای بەختێکی باش".

سواری یەکەم شەمەندەفەر بووم کە بەرەو ماڵەکەی من دەچوو، هەردوو کچەکەم لەگەڵ چەند کچێکی دیکەی بنکەی پەنابەرییەکە چاوەڕێی منیان دەکرد.

کچە گەورەکەم پرسی:

– بارودۆخەکە چۆنە؟ مافی نیشتەجێبوونمان دەدەنێ؟

– وەڵامی ئەمە دوای شەش هەفتەی دیکەیە.

– داوەرەکە چۆن بوو؟

– تەمەنی مامناوەند بوو، ڕەنگە لە تەمەنی من بووبێ، پرچی ڕەش بوو، درێژییەکەی مامناوەند بوو وەکو تۆ.

– دایە مەبەستم ئەوەیە نەرمونیان بوو؟ هەستی بریندار نەکردی؟!

– نەخێر.. بە هیچ شێوەیەک، هیوای بەختێکی باشی بۆ خواستم.

حەفت حەفتە تێپەڕی و وەڵامم وەرنەگرتەوە، چەند جارێک بڕیارەکە دواخرا.

نۆ مانگ تێپەڕی، هیچ شتێکی نوێ نەبوو، ئەگەر کێشەکە، کێشەی ئافرەتێکی دووگیان با، منداڵەکە لەدایک دەبوو و ناوم دەنا: ئارام*.. نا، خۆگر** زیاتر لەگەڵ دۆخی من گونجاوە، هێشتاش هەموو بەیانییەک بە دەنگی ئەو چەکووشەی دادوەر بەئاگا دێمەوە کە قەت نەیوەشاند و نەیگوت: "دادگا! دادگا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا...".

تەنیا دەنگی کچەکەم بەئاگام دێنێتەوە کە هاوار دەکا: دایە ئێستا کاتژمێر چەندە؟ کاتی قوتابخانە هاتووە؟

– بەڵێ خۆشەویستەکەم، ئامادە بە بۆ ڕۆیشتن، جگە لە بڕوانامەکەت، هیچ شتێکی دیکەت بەکەڵک نایەت، ئێمەی فەڵەستینی هیچمان نییە جگە لە خوێندنەکەمان.

* صابر

** صامد

تێبینیی وەرگێڕ: ڕەنگە وا بێتە بەرچاو کە ئەم چیرۆکە تایبەتە بە دۆخی فەڵەستینییەکان و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، یان ناوچەییە، بەڵام لەلایەک ئەدەب سنووری نییە و گوزارشت لە مەینەتییە مرۆییەکان دەکات، لەلایەکیش لەڕێی ئەم چیرۆکەوە هەم هەست بە گرفتە نەبڕاوەکانی پەنابەران دەکەین و هەم هەست بە مەینەتییەکانی هاووڵاتیانی گەلێکی بێ وڵات و بێ ناسنامەی وەکو فەڵەستینییەکان دەکەین کە لە هیچ شوێنێکی دونیا جێگایان نابێتەوە.

**سەرچاوە:**

**– محكمة، رندة عوض، ماڵپەڕی الاداب.**

**– چیرۆکنووسێکی فەڵەستینی نیشتەجێی هۆڵەندایە.**